# كامبێز كەریمی:

# ئەو نەتەوەیەی رۆژنامەی نەبێت و نەتوانێ بە زوویی و راشكاوی گوزارشت لە خۆی بكات، ئەو نەتەوەیە گرفتێكی هەیە



"كامبیز كەریمی" ناوێكی هەمیشە ئامادەی نێو بزوتنەوەی روناكبیری رۆژهەڵاتی كوردستانە، ئامادەگیەكی كارا لەسەر هەردوو ئاستی ئەدەبی و رۆژنامەگەری، ئەو لەگەڵ ئەوەی وەك شاعیرێكی بە توانا و خاوەن سەلیقە ناسراوە، هاوكات رۆژنامەنووسێكی كارایشە، جگە لە بواری نووسینی شیعر، كامبیز ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەكانی "ئاویەر، ئاسۆ، ئاشتی" بووە، "رۆژنامەی ئاشتی"یش قوربانیەكی تری سیاسەتی دژە دیموكراسییانەی وڵاتی ئێرانە كە لە دوا وێستگەدا مەحكوم بە بێ دەنگی و داخران كرا... لە دەرفەتێكدا بە پێویستمان زانی لەمەڕ چەند پرسێكی روناكبیری و رۆژنامەگەری، بەتایبەتی پرسی پەیوەست بە ئەمڕۆی بزاڤی روناكبیری رۆژهەڵات و شیعر و رۆژنامەگەری كوردی "كامبیز"بێنینە قسە، كە ئەم دیدارەی لێ بەرهەم هات.

**ئا: نوری بێخاڵی**

*سەرەتا لەو جولانەوە گەرمە روناكبیری و رۆژنامەگەرییە دەست پێدەكەین كە لە رۆژهەڵاتی كوردستاندا هەیە و سەرەڕای ئاستەنگ و ئارێشەكانیش، بەڵام هێشتا خوێنێكی گەرم لە جەستەی روناكبیری رۆژهەڵات هاتوچۆ دەكات... ئێوە ئاستی ئەم جولانەوەیە چۆن دەبینن و كاریگەرییەكانی لە گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی كوردستان لە سەر ئاستی فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

–بەر لە هەر شت دەمەوێ بڵێم كە ئەم بزووتنەوەیە شتێكی تازە و نوێ نییە، بزووتنەوەی روناكبیری و رۆژنامەگەری لە رۆژهەڵاتی كوردستاندا لانی كەم لە سەد ساڵی رابردوودا بوون و ئامادەیی هەبووە. لە ماوەیەكی نزیك چل ساڵ لە نێوان ساڵانی (1941تا 1978) سستی و ڕاوەستانێكی تێدا دەردەكەوێت، ئەگەر لە شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە بخوێنینەوە، دەبینین ئێمە چەندین رۆژنامە و گۆڤاری باشمان هەبوون، شتێكی تر كە بە لای منەوە سەیر و گرنگە، هەر لە شاری "سنە"دا رۆژنامەی رۆژانەی وەك "ندای غەرب و ئاویەر" لە پێش شۆڕش بە چاپ دەگەیشتن، بەڵام بۆ ماوەیەك وەستان، ئێستا نزیكەی (25) ساڵێكە بزووتنەوەیەكی رۆژنامەگەری دەستی پێكردووە. دیارە ئەوەی كە ئێستا هەیە، جگە لەوەی درێژەپێدانی كاروانی پێش خۆیەتی، بەڵام گەشەیەكی بەرچاوتری لە قۆناغی پێش خۆیپێوە دیارە. نایشارمەوە كە لە دەوروبەری ساڵانی (1978) زیاتر گروپگەلی سیاسی لە لای ئێمە هەبوون رۆژنامە و بڵاو كراوە و نامیلكە و گۆڤاریان بڵاو دەكردەوە، كە بە باوەڕی من هیچ كام لەم هەوڵانە ناكەونە خانەی رۆژنامەگەرییەوە. لە ساڵی (1996) بەولاوە یەكەم هەفتەنامەی كوردی– فارسی بە ناوی (ئاویەر) لە كوردستاندا بڵاوبووەوە، ئەوەی جێی باسە ئەوەیە، كە ئەو كەسانەی لەو رۆژنامە و گۆڤارانەدا، وەك (نووسین، پیتچنین، نەخشەسازی، رۆژنامەنووسی، ...هتد) كاریانكرد و دەستیان پێكرد ئەدیب و نووسەران بوون، نەك رۆژنامەگەران، ئەو ئەدیب و نووسەرانە لە ماوەیەكی كەمدا رۆژنامەنووسی كارا و باشیان لێ دەركەوتن، بەڕاستی دوای دوانزە و سیانزە ساڵ ئەو بزووتنەوە رۆژنامەگەرییەی بە دەستی ئەدیب و نووسەرانەوە هەنگاوی هەڵگرت، ئێستا خەریكە بزووتنەوەكە دەگۆڕێ بۆ كارێكی زۆر پسپۆری، بە جۆرێك ئەوانەی ئەمڕۆ لەو بوارەدا كار دەكەن تەنها كاریان رۆژنامەگەرییە. ئیدی جێگایەكی پێویست بۆ "كامبیز" نابێتەوە، مەگەر وەكو ڕاوێژكارێك شوێنێك بگرێ، چونكە شاعیرە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە ئەمڕۆ خاوەنی رۆژنامەنووسگەلێكی بەتواناین، ئەو نەتەوەیەش كە رۆژنامەی نەبێت و نەتوانێ راستەوخۆ و بە زوویی و ڕاشكاوی بیروڕا و هەواڵ و كێشەكانی بە خەڵك و شەقام بگەیەنێت، گومانی تێدا نیە كە ئەم نەتەوەیە گرفت و ئارێشەیەكی هەیە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بزووتنەوەیە دەستی پێکردووە و نایشارمەوە کە هێشتا منداڵە، بەڵام ئاسۆ و ئایندەیەکی گەشی لەبەر دەمدایە، هەرچەندە بارودۆخی ڕۆژنامەگەری لە ئێراندا زۆر وابەستەی هەلومەرجی سیاسی ئەو وڵاتەیە، بە تایبەتی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، چونکە ئەو رەوشە سیاسییە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر ڕۆژنامەگەری هەیە.

دیارە کە لە ڕۆژهەڵاتدا لە تەك ڕۆژنامەگەریشدا، زۆر بوار و بزووتنەوەی تر خەریکی گەشە و نەشونما کردنن، لە نێوان ساڵەکانی (1996 تا 2001) نزیکەی چل پەرتوك بە چاپ گەیەنراوە، لە کاتێکدا ئێستا هەر ساڵە لە ڕۆژهەڵاتدا زیاتر لە (40 تا 50) پەرتوك چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، ئەمەش نیشانەی بوون و ئامادەگی بزووتنەوەیەکی گەرموگوڕە، کە بزوتنەوەیەکی روناکبیری و کوردایەتییە و بڕوام وایە دوارۆژێکی روناکی لەبەردەم دایە.

*ئەگەر پرسیارەکان وردتر بکەینەوە و بێینە سەر شیعر، ئێوە وەك دەنگ و ڕەنگێکی ناسراوی کوردی خاوەن ئەزمون و بەرهەم و ستایلی تایبەت بە نووسین، شیعری ئەمڕۆی کوردی لە چ ئاست و قۆناغێکدایە؟ ئایا هەر لە شوێنی خۆیەتی، یان گۆڕانی بە خۆیەوە بینیوە، کە دەڵێم گۆڕان لە سەر هەر دوو ئاستی فۆڕم و ناوەڕۆك؟

–ئێمە بە گشتی لە شیعری کوردیدا کێشەیەکی گەورەمان هەیە، کێشەکەش ئەوەیە کە تا ئەم چرکەساتەی تێیداین، ئەوەی من دەیبینم "ڕەنگە هەبێت و من نەمبینیبێ" هیچ هەوڵ و تەقەللایەك نییە و نەدراوە بۆ شێوازناسی شیعری کوردی. چ شیعرە سوننەتیەکەی "نالی و مەحوی و جگەرخوێن" وە بگرە، تا شاعیرە تازەکانمان، هیچ هەوڵێ لەم پێناوەدا نەدراوە. کە ئەم هەوڵەش نەدراوە بە هۆیەوە لەبارەی کەرتبەندی شیعری کوردی لە ناو خۆمان ڕووبەڕووی سەر لێشێواوییەك بووینەتەوە. بۆ نمونە سەرنجم داوە زۆر جار باس لەوە دەکەین کە شێوازی شیعری (مەحوی) شێوازی عێراقییە، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، بەو پێیەی کە شێوازی عیراقی لە شیعری فارسیدا، شێوازێکە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ سەردەم و بارودۆخی سیاسی ئێراندا هەیە، لێرەوە من نازانم چۆن ئەو بارودۆخە سیاسییە دەگوازنەوە بۆ ناو شیعری کوردی وەکو (مەحوی)، ئەمە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو کێشەیەمان هەیە لە ناو شیعری کوردیدا، بەڵام ئەگەر بتەوێ ئێستا باسی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانت بۆ دەکەم، ئەگەر دوور و درێژیش بێت ئەگەر ماوەم بدەیت.

لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا شیعرە سوننەتییەکەی (کلاسیکی) بریتین لەو شاعیرانەی کە هەموومان و ئێوەش دەیانناسین لە "وەفایی و هێمن و هەژار" و هەموو ئەوانە بگرە کە ناوی‌ناسراون، شیعری هاوچەرخی ڕۆژهەڵات لە "سوارە و شێخولئیسلام و عەلی حەسەنیانی و ئەوانیتر" دەست پێدەکات، ئەم نەوەیە دێنە گۆڕەپان و بە دواشیانەوە چەندین ناوی تریش دێن کە من وەك (کامبین) یەکێکیانم. ئەو کێشەیەی کە ئێستا ڕەوتی شیعری لای ئێمە هەیە و ڕەنگە تا رادەیەکیش لای ئێوە هەبێت، ئەوەیە کە ئێستا دوو ڕەوتی شیعری لە لای لاوان بەڕێوە دەچن و هەر رەوتە و تێڕوانینێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جۆرێکی دژایەتی کردنیان لەگەڵ شیعر و نەوەی پێش خۆیان هەیە، ئەوان دەڵێن: "ئێمە وەکو ئێوە، مەبەست لە ئێوەی ئەوان، من و جەلالی مەلەك شا و سوارە و رەحیم لوقمانی و ساڵح سوزەنی و مارف ئاغایی و ژیلا حوسێنی و ...هتد، ئێمەی نەوەی تازە وەکو ئێوە نانووسین". ئێمەش دەڵێین: "زۆر باشە، بەڵام وەکو کێ دەنووسن؟"، لە نێو ئەواندا دوو جۆر روانین و وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی ئێمە هەیە. رەوتێکیان دەڵێن ئێمە وەکو ئێوە نانووسین، بەڵکو وەکو خۆمان دەنووسین، بە هەموو ئەو دونیابینی و کێشە و خەونانەی خۆمان هەمانە، بە هەموو خەسارەتی ئەو شیعرانەوە کە خەریکین دەیاننووسین. ئیدی هەرچۆنێك بن ئەو شیعرانەمان، لاواز بن یان بە هێز، بەڵام دڵنیا بن وەکو ئێوە نانووسین، بەڕای من ئەم بۆچوون و تێڕوانینە زۆر پیرۆزە و جێگەی ستایش و ڕێز گرتنە.

رەوتەکەی تریان بە هەمان شێوە دەڵێن ئێمە وەکو ئێوە نانووسین، ئێمەش پێیان دەڵێینەوە، ئەی وەکو کێ دەنووسن؟ دەڵێن وەکو ئەوان دەینووسین. ئەوان کێن؟ ئەوان کۆمەڵ و گروپ و کۆی ئەو بەرهەمە تیۆرییانەیە کە لە ڕۆژئاواوە و بە هەر ڕێگا و شێوازێکەوە بێت هاتۆتە کوردستان، بەڕای من پێچەوانەی رەوتەکەی تر، ئەمانە بە ئاراستەی هەڵەیەکی زۆر گەورەدا دەڕۆن، بەو مانایەی کە هێشتا لەوە تێنەگەیشتوون کە پێشتر زمان هەیە، ئینجا ڕێزمانی بۆ دەنووسرێ، نەك پێچەوانەکەی.

ئەم دوو رەوت و نەوەیە، بە لای من لەوەی یەکەمیان شتێکی لێ بەرهەم دێت، شتێك جیاواز لەوەی پێش خۆی، بەڵام ئەوەی دووەم هەڵە دەکات، ئەم نەخۆشییە لێرەش "باشوری کوردستان" دەبینرێ، شیعرگەلێکی زۆر هەیە، ناڵێم تێناگەی، یان گرانە، بەڵام زۆرتر تیۆرییانە داڕێژراون، بە تایبەتی تیۆرە زمانناسییەکان، کە ئەمە زیانێکی گەورە لە پرۆسەی شیعر دەدات.

*با بگەڕێینەوە دونیای ڕۆژنامەگەری، ئێستای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەخوێننەوە؟ بە مانایەکی دی ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆ ئەو بەشەی کوردستان لە لایەنی ناوەڕۆك و پەیام و فۆڕم و تەکنیکدا، تا چەند لە ئاستی پێداویستی کۆمەڵایەتی شەقام، لە قۆناغی هەنووکە دایە؟

–بە ڕوانینی من، وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستی بە پێوانە و بەراورد کردن هەیە، جا نازانم لەگەڵ کێ و کوێدا بەراوردی بکەم، لەگەڵ ڕۆژنامەگەری کوردی بە گشتی، یان ڕۆژنامەگەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یاخود ڕۆژنامەگەری دونیای پێشکەوتوودا بەراوردی بکەم؟

ئەگەر ڕۆژنامەگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمڕۆیدا لەگەڵ گشتی کوردستاندا باس بکەین، ئەوا جیاوازییەکی زۆر لەوەی لای ئێمە و ئێرەدا هەیە. ئەوەی ئێوە زۆر پشت بەستووە بە ڕۆژنامەگەری عەرەبی، بۆ نمونە تایتلێکی ڕۆژنامەگەری لێرە دەبینی زۆرجار سێ دێرە، یان چوار دێرە، کە ئەمە لە ڕۆژنامەگەری ئێراندا زیانێکی گەورەیە، ئەوەی لای خۆمان پشت ئەستورە بە ڕۆژنامەگەری فارسی لە سەرجەم بوار و ژانرەکانیەوە، ئەوە بڕوای منە، ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێت کە من دەرچووی ئەو قوتابخانەیەم. بەلای من ئەو شێوازەی کە لە باری ڕۆژنامەگەری ئێران هەیە زۆر بە هێز و پێزترە لەوەی کە لە ناو عەرەبدا هەیە، ئەگەر بەم پێودانگە ڕۆژنامەگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە

رۆژنامەگەری فارسی بەراورد بکەین، ڕەنگە لە لایەنی چەندێتی و ژمارەوە کەمتر بێت، چەند رۆژنامەیەکی کوردی هەبوون لەم ماوەیە داخران، ئێستا سێ چوار دانە ماون، بەڵام لایەنی چەندێتی لێ لابدە، بەوپەڕی جورئەت و بە بەڵگەوە دەیڵێم کە هیچی لە رۆژنامەگەری ئێرانی کەمتر نییە، بە دیوی تەکنیکدا ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە، ئەویش بچوکی لە قەبارە، ئەو شێوازە رۆژنامەگەرییەی کە لە ئێراندا پێی دەڵێن رۆژنامەگەری (زەرد) یان (گەشە سەندوو)، تاکە رۆژنامەی کوردی لای ئێمە و لەم دواییەدا کە توانی شان لە شانی رۆژنامەگەری ئێرانی بدات لە باری تەکنیکییەوە، رۆژنامەی "ئاشتی" بوو، "ئاشتی" تاکە رۆژنامەی کوردییە کە لە باری تەکنیك و ناوەڕۆکدا لە ئاستی رۆژنامەگەری ئێراندا بوو، بۆ نموونە لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە تاراندا، کە بەشێکی هەیە بە ناوی " رۆژنامەگەری و چاپەمەنی" چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ ستافی "شەرق" کرد کە لە هەرە باشترین و بەهادارترین رۆژنامەکانی ئێرانە، پێیان گوتین دەزانن لۆگۆی رۆژنامەکەتان و شێوازی داڕشتن و نەخشەسازیتان هەمان ئەوەی "شەرق"ە؟ ئێمەش پێمان گوتن، بەڵێ، بەڵام ئەوەی ئێمە "شەرق"ی کوردستانە. دیوی زمانی لێ بترازێ، کە زمانی "ئاشتی" کوردی بوو، لە باری شێوە و فۆڕم و تەکنیك و نەخشەسازیدا، هیچ جیاوازی لەگەڵ رۆژنامە پێشکەوتووەکانی ئێراندا نەبوو. بەڵام لە باری ناوەڕۆکدا، مەبەستم خستنە ڕووی داخوازییە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵك نییە، بەڵکو مامەڵەکردن لەگەڵ ژانرە رۆژنامەگەرییەکان، بەردەوام کێشەمان هەیە، ئەو کێشەیە تا ئێستاش هەر ماوە و لای ئێوەش بەردەوامە، بەش بە حاڵی خۆم کە لە هەر سێ رۆژنامەی "ئاویەر و ئاسۆ و ئاشتی" کارم کردووە، کێشەی هەرە گەورەمان لەگەڵ شێوازی داڕشتنی هەواڵ هەیە، ئەو شێوازی داڕشتنی هەواڵە، چ لە ناو ئەوانەی من ناوم بردن،یان ئەوانی دیکە و چ لێرەش، شێوازێکی هەڵەیە، ئەو شێوە نووسینەی هەواڵ کە ئێمەی کورد پەیڕەوی دەکەین، دوور و نزیك پەیوەندی بە قوتابخانەی نوێ و ئێستای رۆژنامەگەری دونیا نیە، زۆر جار هەواڵ دەخوێنینەوە "لید"ی نییە، کە ئەمە خەوش و زیانێکی گەورەیە، کە بە ڕای من دەکرێ ئەم گرفتە بە هەوڵ و جدیەت، چارەسەر بکرێ.

*لە ناو ئەو بزووتنەوە روناکبیری و رۆژنامەگەرییەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، تا چەند ژن توانیویەتی شوێن پێی خۆی بکاتەوە، یاخود چەندە زەمینەی رۆڵ بینینی بۆ رەخساوە؟

–ڕێم بدە با زۆر بە کورتی و ڕێك وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، بە تایبەتی کە ئەو کێشەی "ژن"لە لای ئێمە و ئێوە زۆر هەیە. لە راستیدا زۆر کەم ژن رۆڵی هەیە لە بواری ئەدەبی و رۆژنامەگەریدا، بە باوەڕی من چارەی ئەم گرفتە بە ئێمە ناکرێ، چونکە کێشەی زۆر زۆر گەورە لە سەر ژنی کورد هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە ناو کورددا کۆی هۆ و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان سەرجەمی بە دەست پیاوەوەیە، ژن بەر لەوەی هەوڵی ئەوە بدا ئەکتەر و نووسەر و رۆژنامەنووسێکی باش بێت، بە ڕای من باشترین کار و هەنگاو ئەوەیە، هەوڵ بدات ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە دەست بێنێ، لە هەموو بوارەکاندا، لە بواری سیاسی و ئابووریدا، چونکە تا ئەوە بە دەست نەهێنێ، لە راستیدا ناتوانم ژنی رۆژنامەنووس و نووسەر و هونەرمەند و ئەدیب دروست بکەم، کە دەڵێم من، مەبەستم ئێمەی پیاوە، ژن لای ئێمەی کورد بە گشتی، بە درێژایی هەزاران ساڵە زوڵمی لێکراوە و لێی دەکرێ، ئەو زوڵمە بە سێ دانە رۆژنامە و چوار دانە کەناڵی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی و پێنج دانە سەنتەر و نێوەندی هونەری و ئەدەبی قەرەبو ناکرێتەوە، بۆیە ناکرێ ژن گلەیی لە ئێمەی روناکبیر بکات بە ناوی باڵادەستی عەقڵی پیاوسالاری، چوون بە ئەندازەی ئەو گلەیی کردنە لە ئێمە، ئەوەندەش دەبێ گلەیی لە ژنی روناکبیر بکرێت.. بۆیە من لێرە پرسیارێك دەکەم: تا چەند ژنی ئێمە هەوڵی دەستەبەرکردن و بە دەست هێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی داوە، نەك ئامرازەکانی کار کردن؟ بۆیە بە کورتی بۆ وەڵامی پرسیارەکەی تۆ دەڵێم: ئەو رۆڵەی ژنی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو بزووتنەوەیەدا دەیگێڕێ، هەر بە ئەندازەی ئەوەیە کە ژنی فارس لە ئێراندا، یان ژنی کورد لە حکومەتی هەرێمدا، یاخۆد بە ئەندازەی ژنی سوریا و چین و کوێ و کوێ دەیگێڕێ.. بە ڕستەیەکی کورتتر، بە ئەندازەی ئەو رۆڵەی ژنی رۆژهەڵاتی بە گشتی دەیگێڕێ، گرفتیش لەوەدایە بزووتنەوەی ژنانە زیاتر تاکەکەسیە، وەك لەوەی دەستەجەمعی بێت، ئەگینا ئەو بزووتنەوە شیعرییەی "ژیلا حوسێنی" بە راستی پڕ بەها و بوێرانە بوو، هەر بۆ نمونە.

*دێینەوە سەر رۆژنامەگەری و دەپرسین: مارکیز دەڵێ: رۆژنامەگەری شتێك نیە فێری خەڵك بکرێ، بەڵکو بەرهەمی ئەزموون و کۆششی خودی کەسەکەیە، ئێوە لە نێوان ئەزموون و بواری پسپۆڕێتی و کاریگەرییان، چۆن دەڕواننە کاری رۆژنامەگەری؟

–شتێك کە دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە، کە مارکیز هەموو ئەو شتانەی دەینووسێ و دەیکا و دەیڵێ نوێ و جیاوازن، بۆ نموونە ئەو شێوە و ئەزموونەی فێرکردنی فیلمنامەنووسی دەیهێنێتە مەیدان، لەگەڵ هەموو ئەزموونەکانی پێش خۆی جیاوازی هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو پیاوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەموو شت و کەسەکانی دەوروبەری خۆیدا هەیە. من بۆ خۆم حەز دەکەم ئەو قسەیەی مارکیز بۆ خۆم بە شێوەیەکی تر تەئویل بکەمەوە، رۆژنامەگەری دوو بواری هەیە، دیوێکیان من ناوی نانێم ئەزموون، ناوی دەنێم جەسارەت، دیوەکەی تری پسپۆڕی و ئەکادیمیەتە.

لە یەکەمیاندا رۆژنامەنووس دەبێ کەسێکی زۆر فزولی و بوێر و بە جەسارەت بێت، بە دیوی دووەمدا پێویستە ئەکادیمیست بێت، دیارە بەو مانایە نا، کە دەبێ تەنها بچێتە زانکۆ، بەڵکو بەو مانایەی ئاشنایەتی و شارەزایی بە تیۆرە رۆژنامەگەرییەکان هەبێت... من لە وەڵامی پێشتردا رەخنەم لە رۆژنامەگەری کوردی ئەوە بوو کە شێوازێکی هەڵەی داڕشتنی هەواڵ پەیڕەو دەکات، کە ئەمە بە نەترسی و ئازایەتی بەدەست نایەت، بەڵکو بەوە دەبێت کە رۆژنامەنووس خۆی فێرکات و رۆشنبیری و زانیاری رۆژنامەگەری کەڵەکە بکات و بە دەست بێنێ، هاوکات هەموو ئەو شارەزاییەش بەبێ بوونی گیانی سەرکێشی و فزولیەت سوودێکی نییە، چوون رۆژنامەگەری کاری دۆزینەوەی گەورە و بەردەوامە، هەر بۆ نموونە ئەمریکا سیاسەتمەدار و رەخنەگری زۆر گەورەی لە نێو هەر دوو حزبدا هەیە، بەڵام هەموو رەخنەگرتنەکەیان لە یەکتری، نەیتوانی ئەو کاریگەری و دەنگدانەوەی هەبێت کە دوو رۆژنامەنووس قەیرانی

(ماكفارلێن) ئاشكرا دەكەن، كەواتە ئەگەر جەسارەت و بوێری رۆژنامەنووس پشت ئەستور بێت بە شارەزایی لە تیۆر و زانستی رۆژنامەگەریدا، كاری رۆژنامەگەری سەركەوتوو و بەرهەمدار دەبێت.

*لەتەك ئەو رەخنەیەی ئێوە لە رۆژنامەگەری كوردی، پێت وا نییە بەردەوام بوونی زاڵبوونی گوتار و هەناسەی ئەدەبی بە سەر رۆژنامەگەری كوردی، ئەویش بۆ خۆی كێشەیەكە وایكردووە كە رۆژنامەی كوردی خاوەنی شوناسی خۆی نەبێت؟

–بێگومان، كێشە و گرفت زۆر لەوە زۆرترن كە من بە خاڵێك باسم كرد، چونكە مەبەستم تەنها نموونە هێنانەوە بوو، ئەگەر بۆ سەردەمێك ئەوە راست بوو بێت، یان باشتر بڵێم وا رێك كەوتبێت رۆژنامە بە ئەرك و وەزیفەی جیاواز لە پەیام و بەرپرسیارێتی خۆی بارگاوی بكرێت، ئەویش بە هۆی كۆمەڵێك هەلومەرجی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، لە نێوانیشیاندا ڕاپەڕاندنی ئەو ئەركە لە لایەن ئەدیبان، ئەوا لەمڕۆی رۆژگاری پێشكەوتن و پسپۆڕێتی دا ئەمە ئیدی قبوڵ ناكرێ، من نازانم حیكمەت و نهێنی لە چیدایە شیعرێك، یان پەخشانێك، یاخود چیرۆكێك لە رۆژنامە بڵاوبكرێتەوە، چ جای ئەوەی لاپەرەیەكی، یان چەند لاپەڕەیەكی بۆ ئەدەب تەرخان بكرێ؟ ئاخر رۆژنامە ئەركی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و بە دواداچوونە، بۆ دەبێ چیرۆك نووسێك، یان شاعیرێك نەزانێ بابەتەكەی بۆ چ بڵاوكراوەیەك دەنێرێ، یان سەرنووسەر و ستافی رۆژنامەیەك نەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو شتە بكەن، بە تایبەتی لێرە لە لای ئێوە كە زەمینەی ئەوە لەبارە و بڵاوكراوەگەلی زۆر و جۆراوجۆر هەن؟ بۆیە بە راستی دەبێ نێوەندی رۆژنامەگەری كوردی وردتر لە سەر ئەم پرسە بوەستن.

*دوا پرسیارمان ئەوەیە، پاش (ئەنفالكردنی سەدو هەشتا و دوو هەزار خەون) و (دوا چركەكانی ژیانی چۆلەكەیەك) و (تلویم) و (گودار تاریكی)، بەرهەم و پڕۆژەیەكی نوێت هەیە؟

–لەم ماوانەی دواییدا پەرتوكێكم بە ناوی (دیاس پرا) كە پێنج گێڕانەوەی شیعرین بڵاوكراوەیە، هەروەها (CD) یەكیشم لەم رۆژانە بڵاو بووەوە كە (14) شیعری خۆمی بە دەنگێكی ناسك و مۆسیقایەكی هارمۆنی لە سەر تۆمار كراوە.. دوا پڕۆژەكانیشم كە چاوەڕێی چاپن، دوو پەرتوكن بە ناوەكانی (شێواز ناسی شیعری كوردی– دوو بەرگ) و (چواردە سەركۆماری شیعر) كە بەرهەمی چواردە كەڵە شاعیری جیهانییە و بەو هیوایەی ئەگەر بمێنین هەر بەردەوام دەبین..